﴿فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ﴾
www.chngiyani.com
ماڵپەڕی مامۆستا عومەر چنگیانی

# ئەوکاتەی کە پێغەمبەر(د.خ)گوێ بەخواستی هاوولاَتییەکی کوێر نادات لەقورئاندا سەرکۆنە دەکرێ!

پێشەکییەکی کورت:

ئیسلام وەك ئایینێکی تازە، یان وەك سەرهەڵدانی هەرشۆڕشێکی فیکری، یان زانستی لەسەرەتادا، بۆماوەیەکی درێژخایەن رووبەڕووی چەندین ئاستەنگی سەخت و لێگوتن و درۆ بەدەمەوە هەڵبەستن بووە، تا بەدەربەدەرکردنی ئەندامەکانی و بەرەنگاربوونەوە وشیرلێهەڵکێشانیانەوە دەگات، کەئەو رووبەڕووبوونەوەیە لەهاتنی هەر بیرێکی نوێدا، شتێکی ئاسایی وچاوەڕوان کراوە، نەخاسمە هاتنی ئایینی ئیسلامی پیرۆز، بەکۆمەڵێك بیرو باوەڕی کۆدەتا ئامێز و شۆڕشی گۆڕانکارییەوە، بۆ نێو کۆمەڵگایەکی بێ سەرو بەر و پڕ لەچەوساندنەوەی هەژاران و خنکاوی نێو ناپاکی و داوێن پیسی و دزی و بەربادی فیکری وخەڵتانی خوێنی بێهوودە رژاوی مرۆڤی بێ تاوان، بەپاساوی بەرهەڵستیکردن لە شەرەفی خێڵ.

بەڕێزان:

بێگومان لەکۆمەڵگایەکی ئاوادا، وەرگرتنی ئەوتازەکارییە، کارێکی زۆر سانا نییە!، ئاخر هاتن و پەیدا بوونی کەسێك کە بیەوێت لەو قوڵایی زەلکاوەوە، بیانهێنێتە دەر، بۆ نێو جیهانی پڕلە سەربەرزی و سەرلوتکەی چیای ژیانی مرۆڤایەتی و بەئاگایان بهێنێتەوە کە ئەوانی مرۆڤ ئەوەی لە ئاژەڵ جیایان دەکاتەوە یاسایە و راگیر کردنی کێش و پێوانەو تەرازووی رێك وپێك، لە کاتێدا کەئەوان، سەدان ساڵیان لەسەر ئەو شێوازە چەوتەی ژیان بردبووەسەر و بۆیان بووبووە کلتوور و رەنگیان پێوەگرتبوو، دووپاتیدەکەمەوە: کەی دەرچوون لەو واقیعە بۆواقیعێکی تازە شتێکی هەروا ئاسانە؟!.

ئەوان فێری ئەوەنەبوون هیچ شت سنووری هەبێت و تووشی خۆویستییەکی ئەوهالە بووبوون کە ئەوەی نەیزانن و بەهای نەبێت لایان، دادپەروەری بووا!، هەربۆیەکیش بەرەنگاری ئەوموحەممەدە(د.خ)بوونەوە، کەهەوڵی ئەوەیدەدا، فێریان بکات، لەباتی ئەوهەموو خواگەلە دروستکراوە درۆییانەی ئەوان، خوایەکی راستەقینەی تاك و بێ وێنەو بەدەستەڵات هەیە و ئەوخوایە لەوانی دەوێت کە بۆهەموو هەنگاوێکی ژیانیان، پێوەری دروستیان هەبێت،ئەی لەلایەکی ترەوە، داخۆ رەخنە لێگرتنیان چەند بەلاوە کارێکی ئەستەم بووبێت؟ داخۆ چەند لەسەرشانیان گران بووبێت ئەوکاتەی کەپێیگوتوون: (پەروەردگارتان وێڕای ئەوەی کە ئاسمانەکانی دروست کردووە و

بەسەرتانەوە رایگرتوون، کێش و ترازووی بۆداناون* دەی ئیتر ئێوە کێش وترازووتێك مەدەن و سنوور مەبەزێنن ویاسا بپارێزن)؟مانای ئایەتی(7-8)سورەتی ئەلرەحمان. گەرچی من نامەوێ لەرێگەی نووسینی ئەمجارەمەوە، راتانکێشم بۆهەڵدانەوەی‌لاپەڕەکانی مێژوو، کە پڕن لە کاری سەیرو سەمەرە، بەلاّم دەمەوێت بانگتان بکەم بۆگەڕانەوە بۆ ئەو لایەنە گرنگەی ژیانی مرۆڤ کە گەورەکردنیەتی لەوەی بەندەی بەندەبێت بۆکردنی بەبەندەی خوای بەندە، سەرنجتان رابکێشم بۆ ئەولایەنەی کەپێی دەگوترێت: دروستکردنی مرۆڤ وداڕشتنی کەسایەتی لەسەربنەمای ئەوەی کەتەنانەت تێڕوانینیشی بۆ خودی گەورەترین کەسی نێو ئیسلام تێڕوانینێکی نیسبییە!، بانگتان بکەم بۆ خوێندنەوەی چوار نموونەی رەخنەی قورئانی، بەلاّم لەکێ؟ کەمن هەردەم بەشانازییەوە، وەك بەڵگەیەکی زیندووی گەورەیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لێیان دەدوێم و دەڵێم: ئەم ئیسلامە، کەسپەرووەری و بەندایەتی بۆجگە لەخوای‌گەورە، تێدا نییە و بەتەنێ هەرئەوە کە دوورە لە هەڵە و هەرئەوە کەوەك خوایەکی گەورە و بەتواناو شارەزا رەخنە رووناکاتە ئاکارەکانی، دەنا خودی پێغەمبەریش(د.خ)مەعسوم نەبووە لەهەڵە، کە ئەوەیشمان زانی تێدەگەین کەهیچ تاکێك بازۆر شارەزا، یان لەخودا ترسبێت، ناگاتە ئەو پلەیەی کەپێی بڵێی: هەڵە ناکات!، گەرچی هەڵەکردن لەژیانیشدا شەرم نییە بەئەندازەی ئەوەی کە چەند شەرمە مرۆڤ لەسەرهەڵە بەردەوام بێت.

بەرەخنەلەخۆگرتن مرۆڤ گەورەدەبێت

ئەوەبۆماوەیەك دەچێت کە لەگەڵ نووسین و رۆژنامەکانی خۆمان ئاشنا بوومە و بەزۆری بەدیدارتان شاد دەبم، گەلێ جاریش لەلایەن سەرپەشتیارانی هەندێك رۆژنامەوە، ئەوەم بەڕوودا گوتراوە: کەئەو بابەتەی جەنابت نووسیوتە بابەتێکی‌باشە، بەلاّم لەبەرئەوەی لەگەڵ رەوتی رۆژنامەکەمان ناگونجێ! داوای لێبوردن دەکەین،کەگەورەترین هۆکاری نەگونجاندنە کەیشیان گێڕاوەتەوە بۆئەوەی، کەرۆژنامەکە زمانحاڵی فلاّن پارتە و هەوڵبدە لە رۆژنامەیەکی بێلایەندا بلاّوی بکەیتەوە!، کەهەرخۆی دوو وشەی بێلایەنی و رۆژنامە لە ولاّتی مندا دوو وشەی هێند لێك دوورن وەك (ئاسمان و رێسمان) وەهانە! ئاخر خۆ لەگوێی (هین)دا نەنووستووم؟ کوڕگەلینە دەزانم ژیان بەوگرانیە، دەرکردنی رۆژنامەیەك بێ پشت گرتن و پشتگیری لێکردن و بێ پێ بەخشین کارێکی هەروەها ئاسان نییە! هەربۆیەکە زۆربەڕاشکانەوە رووبەسەرجەم ئەوبەرێزانە دەڵێم: بێگومان بن لەوەی کە ئەوپارت و لایەنەی لەسەر رۆژنامەی ئۆرگان، رەخنە لەخۆی دەگرێ و رێگەیشی پێدەدات، بەوە گەورەتردەبێت،!، ئیتر پشتیوان بەخوا پاشان بەکۆششی کوردستان دۆستان، ئەمڕۆ بێت یان سبەی، دەبێ ئێمەیش چمکێك لەوبەرەی خەڵکییە دابدرین، هەرچەند سوپاس بۆخوا، لەگەڵ نوێ بوونەوەی

ساڵ و هەندێ گۆڕان کاری تازە و دەست بەخۆدا هێنان، خەریکە ئەو ئەگەرەش کەمێك چارەسەر دەبێت و تۆسقەلآنێك ئازادی رادەربڕین بەرەو پێشتر دەچێت و تائەندازەیەك خەریکە رادێین لەگەڵ گوێگرتن لەیەك و تێدەگەین کەرەخنەگرتن مانای بایەخ پێدانە بەرەخنەلێگیراو و بەهەند وەرگرتنی بابەتەکەیش، ئەڵبەت من باسم لەو جۆرە رەخنانە نایەت کە دەیبیستین ، لەزمانی ئەوانەوە، کە بەرژەوەندییان لەگەڵ چاکسازیدا ناڕوات و بەسەدان پڕووپاگەندە بڵاو دەکەنەوە، وێڕای هەوڵێکی زۆری ناشیرین کردنی کەسایەتییە تازەکان.

چەند نموونەیەکی رەخنە لەنێو قورئاندا

ئەوەی بەپلەی یەکەم لێرەدا من مەبەستمە رەخنەگرتنی قورئانە لەهەندێك ئاکاری خودی پێغەمبەر (د.خ)کەیەکەم کەسایەتی هەرەمیی ئەو ئیسلامەیە لەدوای پەروەردگار و لەوێنەیشی نەدروست بووە و نە دروستیش دەبێت، کەچی رەخنەیشی لێدەگرێت و لەنێو رەخنەکانیشدا ئایەتی وەهای تێدا هەیە، کە دایکی موسڵمانان عائیشە دەفەرموێت: (ئەگەر پێغەمبەر(د.خ) شتێکی لەم قورئانە حەشار بدایە، فلآن ئایەتی دەشاردەوە،!)بنواڕە تەفسیری ئیبنولکەسیرو ئەوانی تریش، لە لێکدانەوەی ئایەتی(37)ی سوڕەتی ئەل ئەحزابدا، بەلآم ئەوەئیسلامەو مرۆڤ بەرزدەکاتەوە تائەو ئەندازەی پێی شایانە و قەبووڵیشی نییە لەسنووری خۆی نە تێبپەڕێت، نە لەهەقیا زیادەڕەوی بکرێت، کەچی ئێمە لە لای خۆمان ئەگەر رەخنەیشمان قەبووڵ بێت سەردەکەینەوە لەرەخنە ِلەخۆگرتن! باشە بۆ؟ زۆر جار من لەگەڵ دۆستانی قەڵەمدا ئەوەدەڵێم، کە قەڵەم لەگەڕ خستن، زیان دەدات بەهەموولایەك و خاوەن قەڵەمەکان لای خوا و لای مێژوو بەرپرسیار دەبن، کەوابوو دەبێ ئێمە کارێك بکەین رەخنە لێگیراو بەچاوی رێزەوە تەماشای رەخنەگربکات چونکە ئەوەندە کارەکانیانتان بەهەند وەرگرتووە کەدەیخەنە ژێر بەزەیی قەڵەمەکانتان، ئەوەیش لەولاوەبوەستێ، کە من لەلای خۆمەوە هیچ کات باوەڕم بەوەنییە کە رەخنەگرتن کەمکردنەوە بگەیەنێ لەبەهاو رێز، هێندەی بنیات نان و گەورەکردن و برەو دانە بە خزمەتکردنی مرۆڤ، ئیتر هەم وەك خاوەن قەڵەمێك وهەم وەك کەسایەتییەکی مزگەوت دەڵێم: مادام ئێمەی بڕوادار، لەنێوقورئانی پیرۆزدا، کەزمانحاڵی ئیسلامە، ئایەتی وەها بەدی بکەین، کە بۆنی سەرکۆنەکردنی خودی موحەممەدی لێبێت (د.خ)، بەلایشمانەوە شتێکی ئاسایی بێت و بەڵگەی گەورەیی ئەو ئیسلامەبێت، دەبێ هەر پارتێکی ئیسلامی، بەتایبەتی و هەر پارتێکی تری نیشتمانی کە بنەمای لەسەر خزمەتکردن بەخەڵکی کورد داڕێژرابێ، رەخنە لەخۆگرتن بەشانازییەوە بکاتە نێو نەخشەو پلانی خۆیەوە و رێگەی پێبدات.

1/سەرکۆنەکردن لەسەر گوێنەدان بەکوێرێك

سەرجەم ئەوزانایانەی کەمانای قورئانیان لێکداوەتەوە، رایان لەسەرئەوە یەکە، کە رۆژێك پێغەمبەر(د.خ) سەرقاڵی بانگکردنی هەندێك لەگەورەکانی قورەیش دەبێتبۆئیسلام، لەوکاتەدا، عەبدوڵلای کوڕی ئومومەکتوم، کە کابرایەکی کوێر بووە، بەبێ گوێ پێدان بەسەرقاڵییەکەی پێغەمبەر(د.خ)، یان بڵێین هەستی پێناکات و بانگ دەکات: ئەی پێغەمبەریخوا، قورئانم بۆبخوێنە، لەوشتانەی کەخوا تۆی فێرکردووە، شتێکیم فێرکە، لەگەڵ ئەوەی کەچەند جار ئەم قسانەی دووپات دەکاتەوە، پێغەمبەر(د.خ)وەلآمی ناداتەوە، نەك لەبەرئەوەی کە فیز زلی بکات لەئاستی، بەڵکو لەبەر سەرقاڵ بوونی بەوخەڵکەی ترەوە و کاتی جێبەجێکردنی ئەوداوایەیشی بەدەستەوەنەبووە، کەچی ئەم سەرکردەیە، ئەم کارەی لەلای خوا لێ گەورە دەکرێت و بەرلەوەی کابرا دووربکەوێتەوە و شتەکە کۆن ببێت، پەروەردگار سەرەتای سورەتی عەبەسە دەنێرێتەخوارەوە، کەدەفەرموێت: (پێغەمبەرەکەی ئێمە رووی خۆی گرژکردووە و گوێی نەداوە بەو کوێرەی کەهاتووەتەلای، باشە تۆچوزانی؟ بەڵکو بیەوێت زیاتر شارەزاببێت و بیەوێت لەگوناهەکانی پاك ببێتەوە؟یان بیەوێت زیاتر خوای بێتەوە یاد و ئەویادە سوودی گەورەی ئایینی پێبگەیەنێت؟ بەلآم ئەوکەسانەی کەخۆیان وانازانن کە پێویستییان بەو بڕواهێنانەهەیە، دەچیت رووی تێدەکەیت؟ کەی تۆ لەبڕوا نەهێنانیان، بەرپرسیاریت؟ ئەوەی بەپێی خۆی و بەمتمانەو قەناعەتی خۆیەوەدێت و لەخودا دەترسێت ، تۆدەچیت پشتی تێدەکەیت؟! )مانای ئایەتی 1- 10 سوڕەتی عەبەسە. بۆسەرچاوەی ئەو باسە بگەڕێنەوە بۆهەر تەفسیرێکی قورئان. من لێرەدانامەوێت بچمە ئەولایەنە زۆرە فیقهییانەی کە زانایانی ئیسلام لەسەر ئەم چەند ئایەتانە گوتویانە، بەلآم سەرنجی خوێنەر بۆلای ئەوراستییە رادەکێشم کە دەبینن ئەوە قورئانەو لەوەتی هەیەو تائەمرۆو تا دنیایش بەردەوام بێت دەخوێندرێتەوە کە پێغەمبەر(د.خ)ئەو هەنگاوەی ناوە و خوای گەورەیش بەوشێوە حسابی لەگەڵ کردووە و بەوشێوە گازندەی لێکردووە و سەرکۆنەی کردووە، هەربۆیەکە جارێکی تریش دەڵێم: گەربوایەو رەخنە لەخۆگرتن شەرم بوایە و کارێکی نابەجێ بووایە، بەتایبەتی لەنێو گوتاروپەیامی مرۆڤ خۆیدا، دەبوو ئەم گازندەیە لێرەدا نەمایەتەوە، بەلآم ئیشە پڕ لەحیکمەتەکانی خوا وەهایە، کەبۆ ئێمە ببێتە مامۆستا، هەربۆیەکە زۆر بەڕاشکاوی دەڵێم: دەباگەورەکانمان رەخنەگرتن بە کارێکی زۆر ئاسایی سەیربکەن و رێگەی پێبدەن، بەلآم نەك بۆ (تەنفیس)وهەوا دەرکردن لەهاوولآتی، بەڵکو چارە سەر پێشکەشکەش بکەن، چارەسەر، چونکە خەڵك چاوەڕێی گۆڕانکارییە !.

2/ئازادکردنی دیلەکانی بەدر

ئیمام ئەحمەد(ر.خ)بۆمان دەگێڕێتەوە لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە(ر.خ) کەفەرموویەتی: پێغەمبەر(د.خ) لەبارەی ئەو دیلانەی قورەیش، کەلەجەنگی بەدردا گیرابوون، راوێژی بەیارەکانی کرد و فەرمووی: وەك دەبینن ئەودیلانە کەوتوونەتە بەردەستان، وبڕیار لای خۆتانە، چی دەڵێن و چییان لێبکرێت؟، عومەر(ر.خ)فەرمووی: لەگەردنیان بدە!، بەڵام پێغەمبەر(د.خ)رایەکەی پەسەند نەکردوو رووی لێوەرگێڕا، وسەرلەنوێ فەرموی: ئەی مەردمگەلینە، ئەوە وەك بەچاوی خۆتان دەبینن پەروەردگار، ئەوانەی خستووەتە بەردەستان، ئەمانە هەر ئەوانەن، کە تا دوێنێ براتان بوون!، چییان لێبکرێت؟ عومەر(ر.خ) هەڵیدایەوە و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا: (د.خ) گەردنیان بپەڕێنە!، ئەمجارەیش پێغەمبەر(د.خ)رووی لەعومەر وەرگێڕایەوە و روویکردەوە خەڵکەکەو هەمان قسەی سێبارەکردەوە، ئەمجار ئەبوبەکر (ر.خ)فەرمووی: بەڕای من واباشە کەلێیان ببوریت و لەبریتی ئازادکرنەکەیان، خوێنیان لێبستێنی!، ئیتر رووی پیرۆزی پێغەمبەر(د.خ) بەو رایەی ئەبوبەکر(ر.خ) زۆر گەشایەوە و رایەکەی پەسەندکرد، کەزۆرتر لەگەڵ بەزەیی دەگونجا، گەرچی ئەوە یەکەم جەنگ بوو، ئەو دوژمنانەیش بایی ئەو بەزەییە نەبوون، چونکە ژیانی خۆیان هەمووخەرج کردبوو لە بێ بڕوایی و ئەوە چەند ساڵیش بووبەهەمووشێوەیەك دژایەتی پێغەمبەریان دەکرد(د.خ) وئەوجارەیش بۆ لەناوبردنی هاتبوون، بەڵام ئەم بۆچوونەی ئەبوبەکر (ر.خ) کەپێغەمبەر(د.خ)پەسەندی کردو جێبەجێیشی کرد، لەگەڵ ئەوەنەبوو کە پەروەردگار بۆئەو قۆناغە بەپەسەندی دەزانی، دەبینین لەسەرلاپەڕەی قورئان ئەم رووداوەی تۆمارکردوو، فەرموی: (هەرگیز رەوانییە بۆهیچ پێغەمبەرێك کە دیلی هەبێت لەلا، بەر لەوەی ببێتە خاوەنی دەستەلأت و پێی دابکوترێت لەزەویدا و بچەسپێت، )مانای ئایەتی 67ی سوڕەتی ئەنفال. بنوارە تەفسیری ئیبن ولکەسیر و سەرجەم تەفسیرەکان بۆ لێکدانەوەی ئەم ئایەتە. وەك دەبینین لێرەیشدا گەرچی رەخنەگرتنەکە لەپێغەمبەرە(د.خ)لەهەمان کاتیشدا بەسەربەرزییەوە دەخوێندرێتەوەو رۆژانەو شەوانە لەبەردەم موسڵمانانندایە، لەنێو نامەیەکدا کە بۆخۆی زمانحاڵی ئەوو پەیامەکەیەتی!.

3/نەرمی لەگەڵ دووڕووەکان

پەروەردگارلەقورئاندا باسمان لەجەنگی تەبووك بۆدەکات ورووودەکاتە پێغەمبەر (د.خ) ودەفەرموێت: (خوا لێت بوورا لەسەرئەوەی کە رێگەتدا بەهەندێك لەوانەی بەدەورتەوەبوون وئامادەنەبوون بۆجەنگ، نەدەبوو وابکەیت! تابزانی ئەوانەی راستگۆن کێن و درۆزنەکانیشت بۆ دەربکەوێت)مانای ئایەتی(43)سوڕەتی بەڕائە. سەرجەم زانایانی تەفسیرو سیرە ئەوەمان بۆ باسدەکەن کە ئەم ئایەتە، کاتێك هاتە خوارەوە کەهەندێك لەوانەی خۆیان وەك بڕوادار نیشان دەدا، داوایان کرد لە

پێغەمبەر(د.خ)کەڕێگەیان پێبدات نەچن بۆجەنگەکە،  ئیمامی قورتوبی خاوەنی تەفسیری(الجامع لاحکام القران)لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێ: (قەتادەو عەمری کوڕی مەیمون دەڵێن: پێغەمبەر(د.خ دووکرداری هەیە کە لەژیانیدا ئەنجامی داون و  خوای گەورە فەرمانی پێنەدابوو کە ئەنجامیان بدات، لەئاکامیاندا، خوای گەورە گازندەی لێکرد لەسەریان، یەکەم، ڕێگەپێدانی بۆهەندێك لەدووڕووەکان کەهاوبەشی‌نەکەن لەجەنگی تەبوکدا. دووهەم، فیدیەوەرگرتنەکەیشی لە دیلەکانی بەدر).

4/ پێ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێکی توند

عەتای کوڕی‌یەسار(ر.ح)بۆمان دەگێڕێتەوەلەهەندێك لەیارەکانی‌پێغەمبەرەوە(د.خ)دەفەرموون: کە حەمزەی مامی پێغەمبەر(د.خ)لەجەنگی ئوحوددا کوژراو بەو شێوە ناشیرینەی لێکرا، کە وەك کتێبەکان باسی‌دەکەن، لوتیان بڕی و سیپەلکیان هێنایەدەرەوە، ئەودیمەنە پێغەمبەری زۆرنیگەران کرد و لەگەڵ دیتنی تەرمەکە بەو شێوە نابەجییە، فەرمووی: ئەگەر خواسەریخستین بەسەریاندا دەبێ: منیش لەتۆڵەی مامما(30)کەسیان پارچە پارچە بکەم!، کەموسڵمانان ئەو فەرموودەیەیان وەبەرگوێ کەوت لەناویاندا کردیانە قاو، بڕیارياندا‌گەر سەرکەوتن ئەو پەیمانەجێبەجێ بکەن، و دەیانگوت: مەرج بێ کارێکیان پێبکەین کەهەرگیز لەنێو عەرەبدا کەس شتی وای‌نەکردبێت!، بەڵام زۆری نەبرد کە ئایەت هاتە خوارەوەو فەرمووی: (ئەگەر تۆڵەتان ساند وەك ئەوەی کە ئەو کارە شایەنێتی بکەن، واتە: یەك کەس بەیەك کەس و گەربێ ودانی ئارام بەخۆتاندا بگرن ئەوە باشترە)مانای‌ئایەتی(126)ی سوڕەتی ئەلنەحل. ئیترپێغەمبەر(د.خ) تۆڵەی نەسەند و دانی ئارامی بەخۆیدا گرت و هەمان ئەوکەسەی حەمزەی کوشت، کەناوی وەحشی بوو، هات موسڵمان بوو، پێغەمبەریش(د.خ) پێی فەرموو: (بڕۆ بەموسڵمان بوونت هەمووتاوانێکت شۆردرایەوە.)ئەم فەرموودە جگە لەوەی ئیبن وکەسیر دەیهێنێت بەچەند شێوە و ڕێگەی تر وەك تەواتوری لێهاتووە لای زانایان.

خەباتی ژمارە(1727)2005/3/5 لاپەڕە چوار.